# ئایا یەكێتی نەتەوەیی كورد تاوانە؟؟

سەفین عومەر

لە لایەك كە میدیاكانی ولاَتە زلهێزەكان سالاَنێكە گوزارشت لە لۆژیك و چەمكی كۆمەلَكوژی و پاكتاوكردنی خواست و ویستی گەلان دەكا و، بەمەبەستی ئافراندنی ئەم كەش و هەوایە، پڕوو پاگەندەی دیمەنی ئەم شەڕ و كوشتارە دەكەن. لە لایەكی تر نوسەران و ڕۆشنبیرانیشیان هەمان كار بەنوسین و كۆڕ و سیمینار و شێوازی تر، ئایا توو بلێی ئەم هەولَ و كۆششەی كە بەمەبەستی چەواشەكردن ئەنجام دەدرێ، هیچ كاریگەرییەكی لەسەر خەلَك جێ نەهێشتبی؟

خەباتی كۆمەلَناس و دەروون ناس و ئابوری ناس و سیاسەتچیەكانیشیان هەر لە لایەكی تر، كە مسۆگەر گۆڕانكاریەكیان لەسەر بیر و هۆشی مرۆڤەكان ئەنجام داوە. ئەمە و هەرچەندە چەمك و لۆژیكی پكتاوكردن و نكولیكردنی گەلان كاتی بەسەر چووە و باویشی نەماوە، كەچی ئەم زلهێزانە تاوەكو ئێستا بەهۆی گەمژەو گەمبۆلَەكان دەتوانن درێژە بەم خواست و ویستە نا بەجێیانەی خۆیان بدەن.

جێی داخە كە ئەمڕۆ لەڤۆناخێك داین مرۆڤایەتی لەبواری پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و زانستەكان هەنگاو بەرەو لوتكە دەنێ، كەچی لەلای ئێمە دیاردەی كوشت و كوشتار خەریكە دەگاتە لوتكە.

كە دەلَێین شەڕ ئەوا پێوستە چەكیش وەبیر بخەینەوە، چونكە شەڕ و چەك برای یەكدین، ئەگەر شەڕ شێواز بێ، ئەوا چەكیش ئامرازەكەیەتی. بۆیە هەر شێواز ئامرازی تایبەتی خۆی هەیە، یان هەر ئامراز لە خزمەت شێوازی تایبەت بە خۆیدایە. لەم تێڕوانینەوە هەر ئامرازێكی پاكتاوكردن و كاولَكردن و دووروست كردنی مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی لە خزمەت مرۆڤایەتی دا نین و، گوزارشت لە بەرژەوەندی و داهاتوو و خەونەكانی مرۆڤایەتیش ناكەن. چونكە هەر لە ژێر ناوی پێشبڕكێی چەك و تەقەمەنییە، كە سەرجەم مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی لە نێوبردن دەكەن، هەر بۆیەش كە ئافرێنەران و گەشەپێدەرانی ئەم ئامرازانەش، نە لە دوور و نە لە نزیك، ئەوا هیچ پەیوەندیەكیان بە چەمكی مرۆڤایەتی و مافەكانی مرۆڤایەتییەوە نییە.

برایەتی و دۆستایەتی نێوان ئەم زلهێزانە، لەگەلَ شەڕ و كوشتاردا نكولَی لێ ناكرێ. ئەمە و هەرچەندە هێزە بالاَدەستە دواكەوتووەكان بە پێی توانا هەولَیش دەدەن كە خۆیان بە شێوەیەكی تر بناسێنن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ كە خودی خۆشیان دەزانن كە ئەم ڕەفتارانە ڕاست نین و دوژمنایەتی سروشت و مرۆڤایەتین، كەچی ڕەوشت و ئاكاری ئەوان هەر ئەوەندەی هەرس كردوە.

هەر هەموو ئامرازەكانی وەك موشەكی كەپسول نوكلەر و چەكی كیمیاوی و بایۆلۆژی و لێزەر و هەلیكۆپتەر و تانك و تۆپ و شتی تر، بۆ دژایەتی كردنی مرۆڤە بەرامبەر بە مرۆڤایەتیی. دیارە ئەم كردارانەش لە ژێر ناوی پارستنی ئاسایش و بەرگری لە خەلَكی سڤیل ئەنجام دەدرێن.

وەك بینیمان كە چالاَكی پرۆتستۆكردنی شەڕ، سەرجەم جیهانیشی گرتەوە كە بەمەبەستی پرۆتستۆكردنی ئۆپەراسیۆنی چاوەڕوانكراوی ئەمەریكا بۆ سەر عیراق ئەنجام دران. بێگومان ئەم هەنگاوە دیاردە و پێشكەوتنێكی پیرۆز بوو، وەلێ دوای كاولَبوون چ سودی هەیە، ئەم چالاَكیانە بۆچی لە كاتی گەرمەی شەڕی داسەپێنراوی بەسەر كوردستاندا ئەنجام نەدران؟ یان بۆچی ئەم چالاَكیانە لە كاتی گەرمەی شەڕی فەلەستین ئەنجام نەدران؟.

لە لایەك باوكی ئیمپریالیزم ئامریكا و، لە لایەكی تر دەست و سنگ بەخوێنی بەغا!!!! بۆچی لە كۆمەلَكوژییەكانی 1974 و 1988 و 1991 نوتقیان گیرا بوو و، دەنگیان لێوە نەدەهات. كەچی ئەمڕۆ ئەو ساختەچیانەش جار جار گوایە دەلَێن شەڕ شێوازێكی خراپە. خۆ ڕووداوەكەی قەلاَدزێ دار و بەردیشی هێنایە زمان، خۆ هەلَەبجە ئاو ئاسمانی هێنایە زمان خۆی كۆچڕەوەكەی دوای ڕاپەڕین مردوەكانیشی ڕاكردەوە سەرپیا، بەلاَم ئەفسۆس. . . . . . . . . . .

پێم وایە كە ئەم شتانە لە خۆڕا دەرنەكەوتوون، بەلَكو ئەنجامی ڤۆناخێكن، بۆیە پێویستە بەهەستیاری هەلَیسەنگێنین، نەوەك ناوەندەكە ئالَۆز بێ، گەرچی تاڕادەیەك ئالَۆزیش بووە.

لەم كێشمە كێشمەدا توركیای براگەورەی مامە و كاكەش هەولَ دەدا شتێك بۆخۆی بەدەست بخا. ئەگەر سەرنج بدەین گشت هەولَەكانی ئەویش بۆ "كەركوك و موصل" ە، لەوەشا مەبەستی پەترۆلە حەیاتەكەیە. هەروەك چۆن گەرمایی دەكەوێتە نێو ئەسپێ و هەریەكەیان بۆخۆی دەكەوێتە جولَە، ئەوا ئەسپێكانی ئەم دونیایەش بۆ ولاَتەكەمان خەریكە دەست دەكەن بە جەنگی جیهانی سێیەم.

هەردوو هێزە بێ دەست و ڤاچەكانی باشوریش دەخوازن بەشی خۆیان بخۆن و، وەك ڤاتمی خاوەن 7 دەسگیران چاو چاوانێ لەگەلَ هەر لایەكدا دەكەن و، دیدار لەگەلَ هەر كەسێكدار ساز دەكەن.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕێکەوتنەی ئامریکا و ئەنگلیز و ئیسرائیل و تورکیا و "پ د ك و ی ن ك" تازە نین، بەڵکو پیلانگێڕی نێو دەوڵەتیی سەر سەرۆکی گشتی "کادەك" بەڕێز ئۆجەلانیش هەر گرێدراوی ئەم هێزانە بوو. وڵاتانی وەك یۆنان و ڕوسیا و کینیا باڵێکی ئەم بابەتە بوون. پێوستە ئەوەش بڵێم کە ڕێکەوتنی ئەمڕۆش بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی گشت خۆرهەڵاتی ناوینە، واتە ئەمە ئەنجامی گفتوگۆی ساڵانێکە.

هەربۆیە من پێم وایە کە نەك 5 ملیۆن، بەڵکو 50 ملیۆن کەسیش چالاکی پرۆتستۆ ئەنجام بدەن، ئەوا بۆ ئەوانە هیچ گرنگ نییە. چونکە پێویستیان پێیە و، بەرژەوەندیی ئابوریان تێدایە. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە من بەگومانم بەرامبەر بەم دژە شەڕانە، چونکە ئەگەر دڵنیابن لەوەی ئەم کارە مسۆگەر ئەنجام دەدرێ، ئەوا بۆ بەدەست خستنی بەشی خۆیان ئەوانیش ئەگەری پاشەگەز بوونەوەیان هەیە لەم هەڵوێستەی ئێستا، بەتایبەت ئەڵمانیای دوژمنی کورد. هەر لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە پشت بەم هێز و وڵاتانەش گەرم نەکەین و، تەنها و تەنها پشت بەهێزی خۆیی خۆمان ببەستین.

مەبەستیان ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەن بە ڕووباری خوێن، هەرچەندە کە پرۆڤەی خۆیان لە کوردستان و فەلەستین ئەنجامیش داوە. شارۆن هیچ درێغیەکی نەکردوە و، تورکیش بەهەمان شێوە لەم جۆر بکەرانە خاوەن ئەزمونی باشە، خۆ ابو عدی دۆستی ئەلمانیا و ئەمریکا مامۆستای ئەم کارانەیە.

من پێم وایە کە گەلی کورد و فەلەستین بەرگری لە خۆیان دەکەن و، ئەمەش ئەم واتایە دەگەیەنێ کە بەرخۆدانی ڕابردوویان بەردەوام دەکا و لەنێو ناچن. جگە لەمە بەگوێرەی پێشکەوتنەکان وا دیارە کە چالاکی خۆپاراستنی ڕەوا و خۆنیشاندان زیاتریش پێشبخەن. بۆیە هەرکەسێك بخوازێ دژایەتی شەڕێکی ناڕەوا بکا، کە لە ژێر ناوی ڕوخانی دیکتاتۆرێك و ئاواکردنی دیموکراسی ڕەویەتیەکەی پێدەدەن، ئەوا پێویستە وەك گەلی کورد و فەلەستینیەکان دژایەتی بکەن، ئەو کات پەتەکانیان لە دەستی هێزی تر دەردەکەوێ و ڕاستی خۆیان دیار دەخەن. وەك گیڤارای شۆڕشگێڕ بۆجەنگ گووتەنی:"بەخێر بێ و سەرچاوان"، واتە لەم خاڵەدا پێویستە درێژایی بەرخۆدان و بەرگری بگاتە خاڵی لوتکە و کێشەکان یەك لایی بکاتەوە.

چونکە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین هەرخۆیان خاوەنی کێشەکەن و مەگەر خۆیان شێوازی لادانی دیکتاتۆر و شێوازی ئاواکردنی ئەلتەرناتیف و شێوازی بەجێ کردنی سیستەمی تازە و هەرشتێکی تریش مەگەر هەرخۆیان بیکەن، نەك وەك ئەوەی ئێستا کە هەرکەسێك خاوەن بریار و بیر و بۆچونی خۆیەتی، تەنها خاوەنی ڕاستەڤینەی کێشەکە نەبێ کە هەرگوێیشی لێ ناگیرێ. جابۆیە بۆئەوەی زلهێزەکان هەست بەوە بکەن کە هەرکێشەو خاوەنی خۆی هەیە و، ناکرێ بەگوێرەی خواست و ویستی خۆیان خاوەن بۆ کێشەی خەڵکی تر دەستنیشان بکەن، ئەوا پێویستە پەند و ئەزمونێکی باشیان نیشان بدرێت.

بێگومان ئەگەر بیر لە چارەسەریەکی ڕاستی ئەم کێشەیەش بکەینەوە، ئەوا یەکێتی نەتەوەییمان پێویستە و، ئەگەر بیر لە بەهێز بوونی سەنگەرەکانیشمان بکەینەوە، ئەوا دیسان یەکێتی نەتەوەییمان پێویستە. وە ئەگەر بیر لە دووبارە و سێ بارە نەبوونەوەی هەڵەبجە و ئەنفالیش بکەیەوە، ئەوا دیسان یەکێتی نەتەوەییمان پێویستە. وەئەگەر بیر لە بەرژەوەندی دوژمانیش بکەینەوە ئەوا پێویستمان بە دوو بەرەکی و سێ بەرەکیە و، هەروەها پێوستمان بە کورد کوژیە و پێویستمان بە ڕەوانەوەی ترس و دڵە ڕاوکێی تورك و ئینگلیز و فارس و دیکتاتۆرەکانی بەغا و ئەمریکیەکانە. دەتوانین بڵێین کە لەم ڕۆژانەدا ڕێ و ڕێبازی کوردایەتی و مرۆڤایەتی، کەمێك لە ڕێ و ڕێبازی چەواشەکاری و بازرگانێتی کردن بە کێشەکان لێك جیاکارانەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003